لەم ژمارەیەدا
ل٣ ئۆرهان پاموک خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێ
ل٥ بەشداربووانی کۆبوونەوەکانی کەنەدا بۆ رۆژی گەل دەدوێن
ل٦ بەبێ دایکی گەورەدەبم، بەرێکەوت شوو دەکەم
ل٧ رێگەی ئاشتی بە دیموکراسیدا تیپدەپەڕێت

رۆژی گـــەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٥٩) یەکشەممە ٢٠٠٦/10/١٥

## تورکیا ناتوانێ لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان بکات



پیتەرگالبرەیت، بالیۆزی پێشووی ئەمریکا، سیاسەتوانی لێهاتوو کە بەدۆستی نەتەوەی کورد ناسراوە لە هەڤپەیڤینێکی دا لەگەڵ رۆژنامەی تازی ئەڵمانی گوتویەتی: ئەگەر باشووری کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێ لەشکری تورکیا ناتوانێ لەشکرکێشی بۆ بکات، چونکە دووچاری گەورەترین کێشەی سیاسی و ئابووری دەبێتەوە، باشووری کوردستان زیاتر لە ١٠٠ هەزار پێشمەرگەی هەیەو دەتوانن ڤێتنامێکی دیکە دژ بە تورکیا دروست بکەن.

# سەرۆکی هەرێم بەڵێنی سزادانی سیخوڕەکان دەدات





رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٢-١٠-٢٠٠٦ رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لەگەڵ سەرنووسەری ژمارەیەک رۆژنامە و بەڕێوەبەری رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی کوردستان و نوێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنوسان کۆبۆوە، لە تەوەری قسەکانیدا جەختیان لەسەر کێشەی ئەو پەروەندانە کردەوە کە ماوەیەکە رۆژنامەکانی هاوڵاتی و ئاوێنە بڵاویان دەکەنەوە کە بە لیستی سیخوڕانی بەعس ناسراوە.

سەرۆکی هەرێم نیگەرانی خۆی سەبارەت بەو کێشەیە پێشانداو دووپاتی کردەوە کە لیژنەیەکی تایبەت بە سەرپەرشتی دادوەرێکی بێلایەن پێکدێ ولە پەروەندەکان دەکۆڵێتەوە، بەرێزیان بەڵێنیان دا ئەگەر ئەو لیژنەیە هەر بڕیارێک بدات، ئەوە دەستەڵات جێبەجێی دەکات. ئەو پێیوابوو لەوانەیە سزادانەکە لە سەرکۆنەوە تا سزای مەرگیش بگرێتەوە.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر بەری گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان کردبوو کە لانی کەم تا تەواوبوونی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان ئەوانەی ناویان لە لیستی سیخوڕەکاندا هەیە رەوانەی ماڵەوە بکرێنەوەو پۆستەکانیان لێوەربگیرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەی هاوڵاتی لە ماڵپەڕەکەی خۆیاندا نووسیویانە کە ئەوان لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو پەروەندانە بەردەوام دەبن.

ئەوەی شیاوی باسە ئاشکراکردنی ئەو پەروەندانە گۆبەندێکی گەورەی لەنێو کوردستان و رەوەندی کورد لە هەندەران دروست کردووە، چونکە زۆربەی ئەو ناوانەی لەو لیستانەدا هاتوون لە نێو لایەنە دەستەڵاتدارەکان بەرپرسیارێتیان هەبووە، هەندێ لایەن پاکانە بۆ ناوی سیخوڕەکان دەکەن و هەندێکی دیکە بە درۆیان دەخەنەوە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە بڵاوکردنەوەی ئەو فایلانە راستیەکان دەردەخات و پێوەندی ئەو کەسانەی کە وەک سیخوڕی بۆ رژێمی بەعس کاریان کردووە، ئاشکرا دەکات.

## داوای بە فەرمی ناسینی زاراوەی هەورامی دەکرێ

ئەنجوومەنی فەرهەنگی هەورامان لە دەرەوەی وڵات داوای لە پەرلەمانی کوردستان کردووە کە دەستووری هەرێم بە فەرمی زاراوەی هەورامی بناسێنێ.

لە بەیاننامەی ئەنجومەنی فەرهەنگی هەورامان کە بەم دواییانە بڵاوکردراوەتەوە، هاتووە: "زمانی هەورامی لە کوردستاندا وەک زمانێکی کەمینە بە فەرمی بناسرێت و لە هەوراماندا بە زمانی ئەلتەرناتیوی زمانی ئیداری (بەپێی بۆچوونی بەیاننامەی ساڵی ١٩٩٢ی شۆرای ئەورووپا بۆ زمانە کەمینەکان) دابنرێت ".

ئەنجوومەنی هەورامی مەترسی لەناوچوونی زاراوەی هەورامی هەیە، بۆیە دەخوازێ خوێندن لە فێرگەکانی ناوچەکانی هەوراماندا بە زاراوەی هەورامی بێ، چونکە بەو هەنگاوە خزمەتێکی گەورە بە زاراوەی هەورامی دەکرێ و لە فەوتان رزگار دەکرێ، ئەمەش لە بەرژەوەندی زمانی کوردی و رەوشی فەرهەنگی کوردستان.

## رۆژەڤ

خەڵکی کوردستان خۆیان بۆ جەژنی رەمەزان ئامادە دەکەن. بەوهۆیەوە بازاڕی کوردستان گەرم داهاتووە. هەم فرۆشیارەکان نرخی کاڵاکانیان بەرزکردۆتەوە هەم خەڵکیش بە ناچارییەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی جەژن لە هاتوچۆدان.

داب و نەرێتی کۆمەڵگەی کوردەواری بەو شێوەیە هاتووە، هەموو بنەماڵەکان حەز دەکەن خۆشترین جەژن بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین و دەستەبەر بکەن. لێ مخابن لە رەوشی داهێزراوی ئێستای باشووری کوردستان بژێوی هەژاران و نەداران سەخت و گرانتر بۆتەوە. ئەوانەی کە پەرۆشانە بۆ پەیداکردنی کرێی مانگانەی خانووەکانیان کار دەکەن و تاقەت پرۆکێنانە تێدەکۆشن لەگەڵ نزیک بوونەوەی جەژنەکاندا باری بژێوو مەینەتیەکانیان زۆرتر دەبێتەوە.

جێگەی سەرنجە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بیانۆی بوونی بازاڕی ئازادەوە هیچ کۆت و بەندێک لەسەر فرۆشیارو بازرگانە پاوانخوازەکان دانانێ، بەمەش هانی ئەوان دەدات تا لە نزیک بوونەوەی جەژن سوود وەربگرن و وەک دەرفەتێکی زێڕین بۆ گرانفرۆشی دەکاری بهێنن.

بازاڕێک لە پەنای ئازادبوونیەوە چاو لە قوتی خەڵکی رەش و رووت ببڕێ، دەبێ لیژنەیەکی چاودێری بۆ تەرخان بکرێ، ئەو لیژنەیە دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ کە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بازرگانانەدا بکات کە بێپەروا نرخی کاڵاکانیان بەرز دەکەنەوەو خەڵکی دووچاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکەن.

راستیەکەی نزیک بوونەوەی جەژن هیچ پاساوێک بە فرۆشیارو بازرگانان نادات تا بە ئارەزووی خۆیانەوە گرانی دابهێنن و نرخ بەرز بکەنەوە. لە بازاڕی وڵاتانی پێشکەوتوودا بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا بە بەرزبوونەوەی نرخی تێچووی بەرهەم گرێدراوە. لە وڵاتانی دواکەوتووشدا بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا پێوەندی راستەوخۆی بە بەرزکردنەوەی گومرگ و باجەکانەوە هەیە. ئەوەی لە کوردستاندا هەیە هیچ کام لەو دوو رێگەیە رەچاو ناکات، نە کۆمپانیاکان نرخی فرۆشتنیان بەرز کردۆتەوە تا فرۆشیارەکانیش رەوایەتی بە بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان بدەن، نە گومرگ و باجەکانیش گران کراون تا فرۆشیار و بازرگانەکان بەو بیانۆیەوە گرانتریان بکەن، کەواتە گرانفرۆشی و بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا و گرانی داهێنان سەرچاوەی لە ئارەزووی رەهای فرۆشیار و بازرگانەکان بۆ وەدەستهێنانی قازانجی زۆرتر گرتووە، پشتیوانی حکومەتیش لەو سەرمایەدارانە ئاشی ئەوان بە بڕشت تر دەکات. لە ئاکامدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە حکومەت راستەوخۆ لە گرانفرۆشی و بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکان بەرپرسیارە، ئەگەر خۆی بە حکومەتی خەڵک دەزانێ و ئامانجی خزمەتگوزاری هەیە دەبێ سنوورێک بۆ ئەو گرانفرۆش و پاوانخوازانە دابنێ.

حکومەتێک ئەگەر پەرۆشی جەماوەرکەی خۆی بێ، هەوڵی ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ دەدات. حکومەتێک ئەگەر مەبەستی خزمەتکردنی گەلەکەی خۆی هەبێ، هەرزانی دادەهێنێ و رێگە لە چاوچنۆکی بازرگان و پاوانخوازەکان دەگرێ و سزایان دەدات. حکومەتێک ئەگەر ئاوەدانی نیشتمان بکاتە ئامانجی خۆی، بەرژەوەندی میللەت لە سەرووی بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی دادەنێ و کەمتەرخەمی لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکاندا ناکات و هەوڵی خۆ دەوڵەمەندکردن و سامان کۆکردنەوە نادات.

## سەرۆکی سوپای بەریتانیا داوای کشانەوەی سوپاکەی دەکات



ریچارد دانات سەرۆکی سوپای بەریتانیا داوای کردووە کە بەزووترین کات سوپای بەریتانیا لە عێراق بکشێتەوە، واز لە بیرۆکەی دیموکراتیزەکردنی عێراق لەسەر شێوەی رۆژئاوا بهێنرێ.

دانات لە هەڤپەیڤینی رۆژنامەی دەیلی مایل (Daily Mail) کە ١٣-١٠-٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە، گوتوویەتی بوونی سوپای بێگانە لە عێراق گرفتەکانی ئاسایش لەو وڵاتە گەورەتر دەکاتەوە، باشترواية دەوڵەتی بەریتانیا بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆی بە زووترین کات هێزەکانی خۆی لە عێراق بێنێتەدەرێ.

ناوبراو گوتوویەتی: من ناڵێم ئەو سەختیانەی کە لە جیهان دێنەڕێمان بۆ هەبوونی سوپاکەمان لە عێراق دەگەڕێتەوە، بەڵام بێگومان بوونمان لە عێراق ئەو سەختی و گرفتانەی گەورەتر کردۆتەوە. دەبێ بەریتانیا لە عێراق بکشێتەوە، چونکە بوونی هێزەکانمان لە عێراق گرفتەکانی ئاسایش لەو وڵاتە گەورەتر دەکاتەوە.

## بەرەی گۆڕان رادەگەیەنرێ

لەنێوەراستی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی ئۆپۆزسیسیۆن پرۆژە پێشنیارێکی بەسەر چەند لایەنێکی سیاسی دابەشکرد. دواتر لە کۆتایی مانگی تەمموز وەکو پڕۆژەی چەند لایەنێک بۆ گفتوگۆکردن خرایە بەردەستی رۆشنبیرانەوە. سەرەنجام رۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە شاری هەولێر پێکهات و بە فەرمی بەرەی گۆڕان راگەیەندرا.

سەبارەت بەوە هەواڵێک لە لاپەڕە ٣ دەخوێنیتەوە:

## دۆستی هەژاران خەڵاتی ئاشتی وەردەگرێ



خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ئەمساڵ بە محەمەد یونس و بانکی ( گرامین ) دەبەخشرێ.

محەمەد یونسی ئابووریناس، خاوەنی بانکی گرامین بە هۆی ئەوەی هاوکاری هەژارانی کردووە، توانی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بەدەست بهێنێ.

ئەو مرۆڤە دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆ لە ئەمریکا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە بەنگلادیش، ساڵی ١٩٧٦ بەمەبەستی قەرزدان بە هەژاران بانکی گرامینی دروست کرد، بە درێژایی ئەم ماوەیە باروبووی زیاتر لە ٦ ملیۆن مرۆڤی هەژارو کەم دەرامەت کردووە تا پڕۆژەو کارگەی بچووک دروست بکەن و بژێوی خۆیانی پێ دابین بکەن.

راستیەکەی ئەم بانکە سەربەخۆیەو هی تاکەکەسێکە، بەڵام وەک رێکخراوێکی نادەوڵەتی دەژمێردرێ، بەبێ سوود قەرز بە بنەماڵە هەژارەکان دەدات.

